رانیە: ماڵێک دەسووتێندرێ

شەوی ٢٥-٢٦/٣/٢٠٠٨ ماڵی وڵاتی (ئە.لا) هەڵکەوتوو لە گەرەکی نەورۆزی رانیە دەسوتێندرێ و زیانێکی زۆر بە ماڵەکەیان دەگات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کاتە خاوەن ماڵ لەسەردانی خزمێکیان بوونە، دوای گەراونەوەیان رووداوی سووتانەکە دەبینن، هەردەمودەست پۆلیسی لێ ئاگادار دەکەنەوە.

بەپێ قسەی دراوسێیەکیان ئەنجامدەرانی ئەم رووداوە چەند کەسێک بوونە، قوتوی پڕ لە نەوتیان لە پەنجەرەکەوە هاویشتۆتە ناو خانوەکە سوتاندویانە، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسێک بە تۆمەتەوە دەستگیر نەکراوە.

پێرەمام: لەسەر مارەبڕێنی ژنی دووەم کێشە دروست دەبێ

وڵاتی (م.ع)، تەمەن ٢٣ ساڵ، دانیشتووی شارەدێی (کۆرێ)ی سەر بە پیرمام هەرچەندە کە خێزاندارە، بەڵام لەماوەی رابردوودا ژنە عەرەبێک بەناوی (م.ج)کە تەمەنی ١٥ ساڵە و بێوەژنە مارە دەکات. ئەو بۆندەیەش بە سێ هەزار دۆلار رێک کەوتنی لەسەر دەکر، بەومەرجەی سەرەتا هەزار دۆلار بدات و لە کاتی گواستنەوەشدا ٢ هەزار دۆلاری دیکە بدات، کاتێک خزم و کەسی زاوا بەو بۆندەیە دەزانن نارەزایی پێشان دەدەن و هەرەشەی کوشتنی لێدەکەن، بەوهۆیەوە ناتوانێ ژنەکە بگوازێتەوە، بۆیە داوای تەڵاقدان و گێڕانەوەی هەزار دۆلارەکەی لە ماڵە عەرەبەکە کردووە، بەڵام ئەوان بەبیانۆی ئەوەی پارەکەیان سەرف کردووەو نیانە بۆی بگێڕنەوە، کێشەو گرفت لەنێوانیان دروست بووە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو ماڵە عەرەبە لەبەر توندوتیژی لە بەغداد رایان کردووەو لە کوردستان گیرساونەتەوە، کەمدەرامەت و نەبوونن، بەوهۆیەشەوە سەوداومامەڵەیان بە کچەکەیان کردووە

هەولێر: لە رووداوێکی هاتووچۆدا دوو کەس گیانیان لەدەستدەدەن

رۆژی ٣/٢٦ بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکی (بی ئیم) لە نزیک بازگەی شاویس سەر بەشاری هەولێر، دوو کەس بەناوەکانی (ع.ج) و (د.ج) گیانیان لەدەستدا و دوو کەسی دیکەش بەسەختی بریندار بوون.پاش رووداوەکە پۆلیس و پزیشکی فریاگوزاری گەیشتنە شوێنی رووداوەکە و کوژراو و برینداردەکانیان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنیشاری هەولێر گواستەوە.

قادرکەرەم:خراپی رێگەبان کارەساتی لێدەکەوێتەوە

ئەمساڵیش لە جەژنی نەورۆزدا لە دەڤەری قادرکەرەم بەهۆی کارەساتی رێگەوبان چەند کەسێک گیانیان لەدەستدا.

رۆژی ١٢-٣-٢٠٠٨ لە کاتێکدا کە خەڵک بۆ خۆشی جەژنی نەورۆز رویان لە دەشت و دەرکردبوو، بەهۆی تەنگەبەری و خراپی رێگەی سەیرانگای چەپە چنارە لە دێلێژە دوو ئوتومبێلی جۆری (ئۆپڵ و دایۆ) لێکیان دا، بەداخەوە دوو سەرنشینی ناو ئۆپڵەکە گیانیان لەدەست دا و سیانی دیکەشیان بریندار بوون، هەروەها سەرجەم سەرنشینی ئوتومبێلەکەی دیکەشی بەسەختی بریندار بوون.

لەلایەکی دیکەوە هەر رۆژی ٢١-٣-٢٠٠٨ لە ناحیەی (قادر کەرەم) لاوێک بەناوی (چ.ر)لە ئاوەکەدا خنکا

سۆران: کچێک دەکوژرێ

رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٥ لە قەزای سۆران کچێکی تەمەن ١٣ساڵ بەناوی (ل.ق) لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا خۆی دەکوژێ، بنەماڵەی قوربانیەکەش هۆکاری خۆکوشتنەکە بۆ شەڕی نێوان کچەکەو برایکی دەگێڕنەوە.

بەگوێرەی قسەی کەسێکی نزیک سەرەتا کێشەیەکی بچووک لە نێوان ئەو کچەو برایکی بەناوی (ر.ق) کە تەمەنی ١٨ساڵ دروست دەبێ، براکە سوکایەتی بە خوشکەکەی دەکات و لێی دەدات، ئەویش لە داخانا پەنا بۆ خۆ کوشتن دەبات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو تۆمەتبارە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی قەزای سۆرانەوە دەستگیر کراوە

هەولێر: کچێک دەسووتێ

رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٦-کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ بەناوی (چ.ع) دانیشتووی گەڕەکی کورانی شاری هەولێر لەداخی براکانی کە هەڕەشەیان لێکردبوو، خۆی سوتاند.

بەگوێرەی زانیاریەکان ماوەیەک پێشتر دایکی کچەکە بەبێ ئاگاداری کوڕەکانی، مۆبایلێکی بۆ کچەکەی کڕیبوو، کاتێک براکانی ئەو کچە پێدەزانن دەیانەوێ لێی بسێنن، هەروەها هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن، کچەکەش لەترسی براکانی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێ.

پیرەمەگرون: فێرخوازێک دەسووتێ

رۆژی ٢٨-٣-٢٠٠٨ فێرخوازێک بەناوی (هۆ.ح.س) تەمەن ١٧ ساڵ دانیشتووی کۆمەڵگەی پیرەمەگروون بەهۆی سووتانەوە گیانی لەدەست دا.

بەگوێرەی زانیاریەکان رۆژی ٢٧-٣-٢٠٠٨ ئەو قوربانیە لە کاتێدا کە لە ماڵەوە خەریکی جل شووشتن بووە، تەباخ کلپەی کردووە، بەهۆیەوە گڕی تێبەربووەو بەرێژەیەکی زۆر جەستەی سووتاوە، هەرچەندە کە رەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجنسی کراوە، بەڵام دوای رۆژێک گیانی لەدەست داوە.

ئەمە یەکەمین قوربانی نیە کە بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە بەهۆی کلپەکردنی تەباخ یان پرێمزەوە ئاگری تێبەردەبێ و گیان لەدەست دەدات، رۆژانە هەواڵی لەو بابەتە دووپات دەبنەوە.

لەسەر کۆنە بینایێک کێشە لەنێوان خەڵک و حکومەت دا دروست دەبێ

دوای ئەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بریاری دا کە بینا کۆنەکەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی رانیە چۆڵ بکرێ، کێشە لەنێوان دانیشتووانی ناو ئەو بینایەو بەرپرسانی ناوچەکە سەری هەڵداوە. هەرچی دانیشتووانی ناو ئەو کۆنە بینایە کە ٤١ ماڵی ئاوارەی شەڕی نێوخۆن و خۆیان بە شیاوی ئەوە دەزانن کە تێیدا بژین و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حزب و بەپرسان سەدان خانووی حکومەتیان لەسەر خۆیان تاپۆ کردووەو دەستیان بەسەر هەزاران دۆنم زەوی داگرتووەو ئەو کۆنە بینایەش بەئێمە رەوا نابینن!! کەچی بەرپرسانی ناوچەکە جەخت لەسەر چۆلکردن دەکەنەوە. دانیشتووانی ناو ئەو بینایە ئامادەیی خۆیان بۆ شەڕ و خوێندان پێشان داوە، قایمقامی رانیەش بەڵێنی داوە کە بە هەر نرخێک بێ دەبێ چۆل بکرێ، بەوهۆیەوە لە دادگە سکاڵا لەسەر ئەو ١٤ ماڵە تۆمارکراوەو هەڕەشەی گرتنیان لێدەکرێ.

فەرمانگەی باری کەسێتی کەرکوک بەردباران دەکرێ

رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٤ ژمارەیەک خەڵکی ناڕازی بەهۆی ئەوەی کە لەلایەن پۆلیسەکانی پاسەوانی فەمانگەکەوە سوکایەتیان پێکراوە فەرمانگەی باری کەسێتی کەرکوکیان بەردباران کرد.

فەرمانگەی باری کەسێتی کەرکوک و شوان بەیەکەوە لەنێو یەک بیناندان، رۆژی ٢٤ی ئەم مانگە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی ناڕازیەوە بەردباران کرا، پەیامنێری رۆژی گەل لە شوێنی رووداوەکە ئامادەبوو، هۆکاری بەردبارانکردنەکەی پرسی، زۆربەی خەڵکەکە پێیانوابوو کە ژمارەیەک فەرمانبەری گەندەڵ و کارنەکەر لێرە کۆبوونەتەوە کارەکانی خەڵک ئەنجام نادەن، هەروەها هەندێ پۆلیسی عەرەب و تورکمان بە ئەنقەست سوکایەتی بە کورد دەکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو رۆژە شەرە بەردێکی گەورە لە نێوان خەڵک و پۆلیسەکان دروست بوو، بە هەزاران بەرد لە دەرگە و پەنجەرەی ئەو فەرمانگەیە درا، شەرەکە نزیکەی کاتژمێر و نیوێکی خایاند. هەر چەندە پۆلیس هیچ تەقەیان لە وڵاتیان نەکرد بەڵام دواتر هێزێکی گەورە هات و ناوچەکەیان گرت. دوو کەسیان وەکو نوێنەری خەڵک بانگ کرد بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵیان. ئەو دوو کەسە کە یەکێکیان(کەم ئەندامێک) بوو دارشەقەوە و یەکێکیشیان مەلایەکی ئایینی بوو چوونە ژوورەوە لەدوای نیو کاتژمێر کە هاتنە دەرەوە گوتیان 'بەخوا براینە تەنیا بەڵێنیان داوە کە چارەسەری کێشەکە بکەن و هیچی دیکە'

یەکێک لە نارەزاییانی بەردەم فەرمانگەی باری کەسێتی کەرکوک بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند : لەوەتەی مەسەلەی کلاوی(١٤٠)هاتۆتە ئاراوە ئەمە چەندەها جارە کە کاری وا لە فەرمانگەکان ڕوودەدا، جار بەجار هەندێ کەس فەسڵ دەکەن، بەڵام چونکە چارەسەری بنەرەتی ناکرێ و دەستێکی بهێز لە پشتەوە هەیە ئیدی ئاوا گرفت و کێشەمان بۆ دروست دەکەن.

بنکەی ئاگرکوژێنەوەی رانیە دەخوازێ کۆمپیوتەرێکی بۆ دابین بکرێ

بنکەی ئاگرکوژێنەوەی هەستیار لە رانیە بەهۆی ئەوەی کە تا ئێستا کۆمپیوتەرێکیان بۆ دابین نەکراوەو بەدەست نووسراوەکناین دەنووسن، نارەزایی دەردەبڕین و خوازیارن کە تەنیا دانەیەک کۆمپیوتەریان بۆ بکڕدرێ.

ئەم بنکەیە لەکاتێکدا لە بواری خۆیدا چالاکی زۆری هەیە و چەندین خولی کردۆتەوەو وانەی سوودبەخشی سەبارەت بە خۆپاراستن لە ئاگر بە خەڵک گوتۆتەوە کەچی کۆمپیوتەرێکیان بۆ دابین نەکراوە.

سەرچاوەیەک لە بنکەی ئاگرکوژێنەوە بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند، وێڕای ئەوەی کە لە دەڤەرەکەدا چەندین بنکەی ئاگرکوژێنەوە هەن، بەڵام لە شارۆچکە و ناحیەکانی دیکەش لەکاتی مەترسیدا دەبێت بنکەی رانییە فریایان بکەوێ و بەهانانەوە بچێ، بەڵام لایەنی پەیوەندار ئەمەی لەبەرچاو دا نیەو ئامادەنیە تەنیا یەک کۆمپیتورمان بۆ دابین بکات.

دەیانەوێ لە هەندەرانیش ئاشقەکان بکوژن

بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵەی کچێکی تەمەن١٧ساڵ بەناوی (س. ت. ئا) دانیشتووی شارۆچکەی پیرمام رازی نابن کە کچەکەیان شوو بە خزمیکی خۆیان کە تەمەنی ١٨ ساڵانەو ناوی (ک. س)ە بکات، ناچار هەردووکیان سەر هەڵدەگرن و پەنا بۆ ماڵی کەسێکی ناوداری دەڤەری سورچیاتی دەبەن.

بەگوێرەی زانیاریەکان بنەماڵەی کوڕەکە چەندین جارو لە رێگەی جۆراوجۆرەوە خوازبێنی ئەو کچەیان کردووە، بەڵام بنەماڵەی کچەکە بەتایبەتیش مامەکانی و خاڵەکانی لەژێر پاساوی ئەوەی کە ئەوانە پێوەندی خۆشەویستیان لەنێوان داهەیە نابێ بۆ یەکتر بن، رازی نابن و هەڕەشەی کوشتنیشیان لێدەکەن.

سەرەنجام ماوەیەک لەمەوبەر دوای ئەوەی ئەو دوو ئاشقە بێهیوا دەبن، سەری خۆیان هەڵدەگرن و پەنا بۆ بنەماڵەیەکی ناوداری دەڤەری سورچیاتی دەبەن، بەڵام بنەماڵەی کچەکە کە ئاغاو ناسراون داوا لە بەرپرسێکی گەورەی کوردستان دەکەن کە دەبێ ئەو دووانە لەو ماڵە دەربهێنرێن و رادەستی ئەوان بکرێنەوە، بەرپرسەکە بەڵێنیان پێدەدات، لەرێگەی دەستەڵاتی خۆیەوە ئەو دوو کەسە لەوماڵە دەردەهێنێ، بەڵام رادەستیان ناکاتەوە، بەڵکو بریار دەدات تا لەیەکتر مارە بکرێن و رەوانەی هەندەرانیش بکرێن.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو دوو کەسە رەوانەی وڵاتی نەمسا کراون، بەڵام بنەماڵەی کچەکە پیلانیان داناوە تا لە هەندەران بکوژرێن، بۆ ئەو مەبەستەش دوو کەسیان بە پارە گرتووەو دەیانەوێ رەوانەی دەرەوەیان بکەن، بەڵام برایکی کچەکە بەم کارە رازی نیە، هەڕەشەی ئاشکراکردنی ئەو پیلانەی کردووە.

چاک نامە بۆ ناوەندەکانی ئەوروپا دەنێرێ

رۆژی ٢٠٠٨٠٣٢١ پارێزەری ناوەندی **چاک**(ئازاد دیوانی) کە کوردێکی رۆژئاوای کوردستانە نامەیەک ئاراستەی ،مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان ، پەرلەمانی ئەورپی ،مافی مرۆڤی دادگای ئەورپی،لیژنەی چاودێری مافی مرۆڤی جیهانی ، خاچی سور دەکات کە سەرباری ئەوەی بەپێی کۆمەڵیک بەڵگەو دۆکۆمێنت پێشێلکاریە نیو دەولەتیەکانی رژێمی سوریا دەرهەق بە خەلکی کوردستان دەهێنێتەوە وەداواشیان لێدەکات کە پرۆتستۆی رژێمی سوریا بکەن وە دەزگا بەرپرسەکانی سوریا لەکوردستان بڕۆن و لێکۆلینەوەکان لەسەر کوردەکان بوەستێنرێت یان دابخرێت ، چەک بە عەرەبە تەعریب کراوەکان بکرێتەوە ، زیندانیەکان ئازاد بکرێن و خەلکی کوردستان لەم بەشەدا بخرێنە ژێر چاوەدێری نێودەولەتی بۆ ئەوەی کارەساتی تر دوبارە نەبێتەوە.

لەبەرئەوەی باسیان لەگەندەڵی کردبوو، هاوکاریان لێ دەبڕدرێ

رێنێسانس نیوز؛ تایبەت: دوای ئەوەی سەنتەری ڕۆشنبیریی ناحیەی "هەریر" لە باشووری کوردستان، لە گۆڤاری فەرمیی خۆیدا باسی لە گەندەڵی دەزگا ئیدارییەکانی هەرێمەکە کردبوو یارمەتییەکەی لێ بڕا.

سەرچاوەیەکی نزیک لە "سەنتەری ڕۆشنبیریی هەریر" لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ رێنێسانس گوتی: دوای ئەوەی سەنتەرەکە لە گۆڤاری فەرمیی خۆیدا باسی لە گەندەڵیی ناو دامودەزگاکانی ناحیەی هەریر کردبوو، بەرپرسیارانی دامودەزگاکان کە هەموویان حیزبین شکایەتیان لە سەنتەرەکە کردووە."

سەبارەت بەوەی کە داخوا شکایەتەکە بۆ دادگا بەرز کراوەتەوە سەرچاوەکە گوتی: هیچ داوایەکی یاسایی لەسەر سەنتەرەکە تۆمار نەکراوە، بەڵکو لە لای حیزب شکایەتیان لێ کراوە و حیزبیش هاوکارییەکەی لەسەر بڕیون. سەرچاوەکە لە زمان ئەندامانی سەنتەرەکەش نیگەرانیی قووڵی خۆی لە دوارۆژی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان لەو هەرێمە هێنایە زمان.

هەواڵی سەیر

وڵاتی(ک.س.م)پێشمەرگەی لایەنێکی دەسەڵاتدارە، بەهۆی ئەوەی کە دوو برای ئەنفال کراوە و برایەکی شەهیدە تەنیا خۆی ماوە لەو بنەماڵەیەدا...فەوجە سەربازییەکەیان ماوەیەک بەر لەئێستا رەوانەی بەغدا کرا. باوکی (ک)کە خۆشی کەم ئەندامە تکای لێکردن کە ئەم نەبەن بۆ ئەوێ، بەڵام بێ سوود بوو، لەبەرئەوەی ئەم نەڕۆیی و ئەوانیش فەسڵیان کرد! لە دوای (١٠مانگ)پێ ی زانیبوو کە فەسڵ نەکراوە و هەموو مانگی مووچەکەشی دەدرێتێ بە فەرماندەکەیان بۆیە ئەمیش چووەوە سەر دەوامەکەی خۆی و بەبێ هیچ گرفتێک وەرگیرایەوە. شایەنی باسە هەر ئەو دەستەیە کە ئەو فەوجە بەرێوە دەبەن بەناوی پاراستنی سەرومالی هاوڵاتیانەوە خۆیان چەندین ئوتومبێل و چەکیان لەخەڵک سەندووە،جگە لە خاوە و بەرتیل.

لیژنەی (نەزاهە)ی عێراقی کە ئێستا لەسەرجەم دام و دەزگاکانی عێراقدا بە لیژنەی (وساخە) ناوبانگیان دەرکردووە، لە هەموو پارێزگاکان بەرێوەبەرێتی یەکیان کردۆتەوە بۆ لێپیچینەوە لێپرسینەوەی گەندەڵی چی و واستیەکەرەکان. لە رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٥ بەرێوەبەری لیژنەی نەزاهەی کەرکوک کە ناوی (ش.س)زۆر بێ باکانە و لە بەرچاوی سەدان وڵاتی لەناو پارێزگا چەند مامەڵەیەکی پێ بوو فەرمانبەرەکانی پێوە خەریک کرد بوو هەتا بۆی جێبەجێ بکەن و ئیش و کاری وڵاتیانیش راوەستابوو لەو شوێنە کە ئەوی لێ بو، خەڵکی لە دەرەوە بۆڵە بۆڵ و هات و هاواریان بوو ئەویش لە ژوورەوە کاری خۆی دەکرد .

رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٦ چەند مامۆستایەکی ئافرەت و یەک مامۆستای پیاو کە هەموویان لە ناحیەی سەنگاو دەوام دەکەن، چوونەلای بەرێوەبەریەتی پەروەردەی چەمچەماڵ بۆ کرێی ئەو خانووەی کە بۆیان گیراوە لە ناحیەکە، بەڵام بەرێوەبەریەتی پەروەردە دەریانی کردبوو پارەی پێیان نەدابوو، ئەمانیش ووتبویان ئێمە لەسەرەتای ساڵەوە خۆمان مانگاکەی دەدەین لەسەر بریاری ئێوە ئەوە بۆچی پارەکەمان نادەنەوە، بەڵام بێ سوود بوو، دواترمامۆستایان بۆ سکاڵاکردن چوونە (یەکەی سەرپەرشتیاری)و لەوێشەوە چوون بۆ لای قایمقامی چەمچەماڵ. شایەنی باسە بەهۆی دووری و خراپی رێگای سەنگا و لە قەزای چەمچەماڵەوە پەروەردەی چەمچەماڵ خانوویەکی بۆ مامۆستاکان گرتبوو بە مانگانەی (١٠٠هەزار)دینار بۆ ماوەی (٧مانگ)کەچی ئێستا لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەتەوە و ئەو پارەیە نادەن .

مامۆستا (ت.ئا)کە مامۆستایەکی گەنجە و چەند ساڵێک خزمەتی مامۆستایەتی هەیە و کارێکی باشی هەیە لە بازاری ڕەشدا لەبەرئەوە مامەڵەی خانەنشینی بۆخۆی کردبوو،کە دەچێتە وەزارەت فەرمانبەرێک پێیدەڵێ کارەکەت بۆناکەم چونکە تۆ هێستا گەنجیت. ئەویش دەڵێ ئەمە وێنەیەکە لە فەرمانی وزاری کە تیایدا هاتووە هەموو فەرمانبەرێک بۆی هەیە خۆی خانەنشین بکات، ئەویش دەڵێ ئەوەی من دەیزانم وەزیر نازانێ، دوایی بۆی دەرکەوێ کە فەرمانبەرەکە لە لیستی حزبی وەزیر نیە بۆیە بە قسەی ناکات ناچار واسیتیەک بۆ ئەویش دەدۆزێتەوە هەتا لەدوای چەند ڕۆژێک ئینجا مامەڵەکەی بەرێ دەکات.

کەنائیکی تەلەفیزیۆنی شاری کەرکوک کە نزیکەی (٣٣٠) فەرمانبەر و پەیامنێر و هونەرمەندی لەسەر دامەزراوە و مانگانە(٢٥٠هەزار) دینار مووچەیان پێ دەدرێ کەچی لە کۆی ئەو ژمارەیە نزیکەی (٧٠-٨٠)فەرمانبەریان دیارە. ئەوانی دیکە تەنیا بەناو لەسەر ئەو کەناڵە ناو نووس کران. بەگوێرەی هەندێ هەواڵ و زانیاریش کارەکانیان هێشتا ڕوو لەلاوازیە نەک گەشەکردن و بەرای ئەو کەسانەی کە لەو کەناڵە ماندوو دەبن مووچە خۆرەکانی دیکە تەنیا بۆ ئەوەی بەملاوئەولادا نەرۆن.

رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٦ وڵاتی (س.ح.ف)کە قۆڵی راستی دەرچوو بوو دەچێتە لای (مەغدید) ناوێک کە لە چەمچەماڵ بەیتاڵی دەکا، بەڵام بەیتاڵ لەجیاتی چاک کردنەوە ئیسکی قۆڵی ورد و خاش دەکا، بۆیە بۆ نەخۆشخانەی دەبەن، دوتر رەوانەی سلێمانی دەکەن.

جێگەی ئاماژەیە لەم زەمانی عەولەمەدا بەبێ مۆڵەتی فەرمی ئەوکارانە ئەنجام دەدرێ و یاسایەک نییە قەدەغەیان بکات.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com